# کاریگەری بڵاوکراوەکان لەسەر فێرخوازان، زانکۆی سلێمانی وەک نموونە



ڕۆژنامەکانی گەنجان و لاوان، بەتایبەتی فێرخوازان وەک بەشێک لە ڕێکخراوەکانی فێرخوازان خۆیان دەبینەوە. بە ئاراستەیەکی دیاریکراو بەرێوە دەڕۆن، بەپێی ئەو ئایدۆلۆژیایەی لە پشتیەوەیەتی، هەموو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا ناچارە هەم شەری لیبراڵیانە و هەم شەری مارکسیانە بکات، یەکەمیان شەرە ئازادییە تاکەکەسیەکان، دووەمیان شەڕە بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی. یەکەمیان ڕووی لە کۆمەڵگە و ئاین و ئەو سیستەمە ڕەمزییە کە فەردیەت لە ئینسان دەسێنێتەوە، دووەمیان ڕووی لە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە کە ڕازینین پانتاییەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی فراوان بکەن. یەکەمیان بە گژاچونەوەی پەلاماری تۆتالیتاریانەی کۆمەڵگەیە بۆسەر تاکە کەس، دووەمیان شەڕە بەرامبەر روحی مۆنۆپولخوازی دەسەڵاتی سیاسیدا. بەداخەوە لە کوردستانی ئەمرۆدا بزوتنەوەیەکی فێرخوازی نادۆزینەوە هەڵگری ئەو کارەکتەرە تایبەتە نەبێت، ئەو ڕێکخراوەفێرخوازیانەش کە هەن دەرئەنجامی کاری پێکەوەیی کۆمەڵێک دەزگا و ڕێکخراوی سەربەخۆ نیین، هەڵگری وشیاریەکی ڕەزنەیی و تایبەت نیین بەرامبەر بەو ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کولتووریەی تێیدا دەژین، لە سێبەری حیزبە سیاسیەکانی کوردستاندا دروست بوون، لە سێبەری ئەواندا گەورە بوون و لەسێبەری ئەوانیشدا دەژین و بوونیان هەیە. هەموو ئەمانەش وادەکات نەتوانن وەک بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ لە نێو مێژووی هاوچەرخی ئێمەدا ئامادەبن. کاریگەری چەند جۆرێکی هەیە.

١- پلەی کاریگەری ڕۆژنامە راستەوانە دەگونجێت لەگەڵ ئاستی رۆشنبیری، واتە هەتا ئاستی رۆشنبیری ئەو کەسە بەرزبێت ئەوا رۆژنامە کاریگەری زیاتری لەسەر دەبێت.

٢- دەرکەوتنی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ وای لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی کاغەزی کردوە کە بکەوێتە ناو ململانەیەکی توندەوە بۆ دروست کردنی کاریگەری لە سەر خوێنەران

٣- ڕۆژنامە بەبێ ئازادی ناتوانێت بژی، بۆیە هەرکاتێک ویسترا باس لە کاریگەری ڕۆژنامە بکەین بێگومان بەبێ ئازادی ڕادەربرین و ئازادی ڕۆژنامەنوسی نابێت. لە ڕاپرسیەکدا کە لە زانکۆی سلێمانی کراوە زۆرینەی ڕایان وایە کە ڕۆژنامەکانی ناو زانکۆ کاریگەریەکی باشیان لەسەر خوێندکاران نیە. لەلای ڕەگەزی مێ ١١%کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر فێرخوازان، ١٨%ڕایان وایە بەرادەیەکی کەم کاریگەریان هەیە، ٤١%ڕایان وایە تارادەیەک کاریگەری هەیە ، ٣٠%لایان وایە بڵاوکراوەکان کاریگەریان نییە لەسەرفێرخوازان. لەلای ڕەگەزی نێر ٤%دەڵێن کاریگەری زۆری هەیە ، ٣٥%دەڵێن کاریگەری کەمی هەیە ، ٣٩%لایان وایە تارادەیەک کاریگەری هەیە ، ٢٢% ڕایان وایە هیچ کاریگەریەکی لەسەر فێرخوازان نییە. **کاروان ساڵح** تەمەن ٢٠ساڵ دەڵێت"ڕۆژنامە خوێندکاریەکان نەیان توانیوە کاریگەریەکی وەها لەسەر خوێندکاران دروست بکەن لەبەرچەند هۆیەک، لەوانە ئەو بڵاوکراوانە گرنگیەکی تەواویان بە کێشەکانی خوێندکاران نەداوە هەروەها تەنیا تەعبیر لە ڕێکخراوێکی دیاریکراو دەکەن وەک ئەوەی تەعبیر لە خوێندکاران بکات و بڵاونەبونەوەی لە زانکۆ بەشێوەیەکی باش و گشتی لە هەموو کۆلێجەکاندا". هەروەها **ژیان ئەحمەدی** تەمەن ٢٥ساڵ وتی "لەگەڵ ئەوەیی چەند لایەنێکی لاوازیان هەیە وەکو ئەو شتانەی بڵاودەکرێتەوە زۆربەی دووبارە و تەقلیدین و هیچ داهێنانێکیان پێوە دیار نییە و زیاتر بۆ خۆدەرخستنە بۆیە کاریگەریان نییە لەسەر خوێندکاران بەڵام لایەنی باشیشیان هەیە وەکو هاندانی گەنجان بۆ چوونە ناو بواری نوسین و تارادەیەک گوزارشت کردن لەرای خۆیان و چارەسەرکردنی کێشەکانی خوێندکاران تارادەیەک".

بە دڵنیایەوە زانکۆ ئەرکی دروستکردنی کادری سەرکەوتوو و ڕۆشنبیرە لە بوارە جیاجیاکاندا، بەڵام بەپێی ئاستی ئەو زانکۆیە کادری بەرهەم هاتوو دەگۆرێت، چونکە زانکۆ لە وڵاتی ئێمەدا نەبۆتە شوێنێکی مەعریفە و زانست، جارێ هەر لە شێوەی هەڵسوکەوتی خوێندکاران و مامۆستایان و جل و بەرگ و پەیوەندی مامۆستا و خوێندکارەوە بیگرە تادەگاتە بە بابەتی وانەکان و ئەو کتێبانەی دەخوێندرێن و ئەو زمانانەی قسەیان پێدەکرێت و ئەو کەش و هەوایەی لەناو هۆڵەکانی خوێندندا ئامادەیە و ئەو شێوازی وانەوتنەوەیەی لەئارادایە. لە زانکۆی سلێمانی خوێندکاران بەشێوەیەکی ترسناک دیسپپلینکراون، پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا پەیوەندیەکی جیاوازی دەسەڵات و نایەکسانی بەرێوەی دەبات، شێوازی وانەوتنەوە تەقلیدیەت پروکاندویەتی، ئەو کتێب و سەچاوانەش کە دەخوێندرێنەوە سەر بەم ڕۆژگار و سەردەمە نیین. زانکۆکان لای ئێمە ئەو ناوەندە زانستیە نین خوێندکاران تێیدا فێری بیرکردنەوەی سەربەخۆ و عەقڵانی و ڕەخنەیی ببن، شوێنێک نین تێدا عەقڵیەتێکی میتۆدی پەروەردە بێت، ناوەندێک نییە بۆ ئاشنابوونی بە فکر و مەعریفەی هاوچەرخ، پانتاییەکی کۆمەڵایەتی نوێ نیین تێدا پەیوەندی دیموکراسییانە لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان و نێر و مێدا بەرهەم بهێنێت، مۆدێلێکی جیاوازی گوێگرتن و پێکەوە بوون و عەدالەت بەکۆمەڵگە نیشان نادات، ئەو وانانەی دەگوترێنەوە و ئەو کتێبانەی دەخوێندرێن پەیوەندیان نە بەو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریانەوە هەیەکە کۆمەڵگەی ئێمە ڕووبەرویان دەبێتەوە، نە بەو کێشانەوە کە ناوچەکەی ئێمە تێدا دەژین، نە بەو جیهانەی دەرەکییەشەوە کە ئەمرۆ هەموومان کەوتوینەتە ناویەوە. کاری زانکۆکانی ئێمە ناسینی جیهانی کورد و جیهانی دراوسێکانمانە و جیهانی ئەمرۆکەی دەرەوەی کوردستان نییە، ئەسڵە ئەم زانکۆیانە نە میتۆدی ناسینی ئەم جیهانەیان هەیە، نە کتێب و مەعریفەی پێویست، نە ئامادەگی ئەم ناسینە و نە ئەو کادرە زانستیانەش کە توانای ئەم ناسینەیان هەبێت، ئایا چەند کۆرسی زانستیمان لە زانکۆکانی کوردستان لەسەر شەری ناخۆ هەیە؟چەند کۆرسمان هەیە لەسەر کێشەکانی ناسۆنالیزمی کوردی هەیە؟ چیمان لەسەر سۆسیۆلۆژیای ئاین و پەیوەندی نێوان توندرەوی ئایینی و توندرەوی سیاسی و توندرەوی کولتووری هەیە؟ ئایا لە هەموو زانکۆکانی کوردستاندا چەند کۆرسمان لەسەر مەسەلەی هاوڵاتی و کێشەکانی هاوڵاتی بوون لە کۆمەڵگای فرە ئەتنی و فرە زمان و فرە ئایندا هەیە؟ئایا زانکۆکانی ئێمە چی کۆرسێکیان لەسەر ناسینی دەولەتەکانی دراوسێمان هەیە، چی لەسەر تورکیا و چی لەسەر ئێران و چی لەسەر سوریا و چی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە زانکۆکانی ئێمە دەگوترێتەوە؟ ئایا زانکۆکانی ئێمە کۆرسی تایبەتیان لەسەر بەعس هەیە، بەعس وەکو کولتوور، وەک ئەخلاق، وەک ئابووری، وەک شێوازێکی تایبەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و دەوڵەت؟ تاچەند لێکۆڵینەوەی کێشەکانی ئافرەت گرنگیان پێدراوە، لە کوێ باس لەجنس دەکرێت وەک بەشێک لە کولتوور و ئەخلاق و مۆراڵی کۆمەڵایەتی؟ لە کاتێکدا کۆمەڵگەی ئێمە ئاین خواردوویەتی چی لە زانکۆکانی ئێمەدا لەسەر سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و فەلسەفەی ئایین دەگوترێتەوە؟ کوان ئەو کتێبانەی زانکۆکان لە دە ساڵی رابردوودا لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی نووسیبێتیان؟ کوان ئەو کتێبانەی لەسەر ئابووری کوردستان، لەسەر کۆمەڵگەی کوردی، لەسەر خەیاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەسەر فەلسەفە و هونەر، لەسەر ئەدەب و سیاسەت، لەسەر سایکۆژیا و مێژوو نوسرابن.

بێ گومان لێرەدا باس لە کتێبێک دەکەم کە بەهای زانستی و فکری و فەلسەفی و میتۆدی هەبێت، کتێبێک بکرێت لەسەر ئەوە سیاسەت دابرێژرێت، بەشێوەیەکی دیکە بیر لە کۆمەڵگە بکاتەوە، دەروازەیەکی دیکە بۆ رونیین و چارەسەرکردنی نیشانبدات؟

زانکۆکانی ئێمە نووقمن لەناو کولتووری بەعسییانەی وێناکردن و مامەڵەکردنی زانکۆدا، لە زۆربەی ڕووەوە هەمان ئەو لۆژیکەی تێدا سەرووەرە کە بەعس لە هەموو کۆن و قوژبنێکی کۆمەڵگەی عێراقدا بۆ ڕێگرتن لە دروست بوونی وشیارییەکی ڕەخەیی و مرۆڤێکی سەربەخۆ و ئیدارەیەکی مەعریفی پرسیارکەر و مرۆڤی پشکنەر و هاوڵاتی عەقڵانی، پیادەی کردوە.

ئەمەی باسمان کرد بارودۆخی زانکۆکانی ئێمەیە بۆیە دەڵێین زانکۆیەک بەو شێوەیە بێت چاوەروانی کەسانێکی وای لێناکرێت کە بەرهەم بهێنێن کە بتوانێت سود و خزمەت بە کۆمەڵگە بکات و ڕۆژنامە خوێندکاریەکان لەم ناوەندەدا چەند هەوڵبدەن هێشتا لە سەرەتادان بۆ دروستکردنی بارودۆخێک کە بتواندرێت ڕۆژنامەکانە خوێندکاریەکان کاریگەری ئەوتۆیان هەبێت لەسەر گەنجان و لاوان بۆیە ناتوانین بڵێین کە تەنها تاوانی ئەو خوێندکاران و قوتابیانەیە کە ڕۆژنامە خوێندکاریەکان نەیان توانیوە رۆڵی خۆیان بگێرن لە بوارە جیاجیاکانی خوێندکاراندا چونکە بێگومان ئەوانیش بەرهەمی دەستی ئەو زانکۆیە سەرلێشێواوەن و هیچ کەس ناتوانێت بەبێ خوێندن و دراسەیەکی جدی بگاتە پلەیەکی وا کە توانای گۆرانی هەبێت و کاریگەری لەسەر رەوت و ئاراستەی ئەو بڵاوکراوە و ڕۆژنامانە هەبێت،بۆیە کاریگەر نەبوونی ئەو ڕۆژنامە گەنجی خوێندکاریانە دوو لایەنی هەیە نەبوونی کەسانی پسپۆر و شارەزا لە بوارەکەدا تا بتوانێ رۆژنامەکە بە ئاراستەیەکی وادا بەرێت کە رێگەی خۆی بدۆزێتەوە و جێ دەستی خۆی دیاربێت لەسەر بارودۆخی زانکۆ،هەروەها لایەنێکی تری نەبوونی یارمەتی ودروستکردنی ڕێگری لەلایەن ئەو کەسان و بەرپرسانەوە کە یارمەتی ئابووری ئەو ڕۆژنامەیە یان ئەو بڵاوکراوەیە دەدەن.

**ئارام حوسێن**

# من پێشمەرگەی ئەیلوول بووم،بەڵام ئێستا مانگی سی هەزار دینار مووچەی کەم ئەندامی وەردەگرم



لە شاری رانیەدا و لە گەرەکی بەدالە سەردانی کەسێکی رووخۆشمان کرد کە لە ناو دوکانێکی بچووک دا لە تەنیشت تەنەکێکی ئاگردا کە تێیدا کاغەز و داری دەسوتاند تا خۆی گەرم بکاتەوە دانیشتبوو. ئێمەش ئەم دیدارەکان لەگەڵیدا سازکرد.

وەستا غەفوور لەناو دوکانەکەی دا کەلەسەر موقەبایەکی کارتۆندا دانیشتبوو بەپرسیارەکانی ئێمە سەبارەت بە ژیانی رابردووو ئێستای خۆی بۆمان هاتە گفتۆگۆ.

**پ:وەستا غەفوور سەرەتا دەمانەوێ خۆتمان پێ بناسێنی؟**

و:من ناوم غەفوور فەرەج محەمەدە بە ئەسڵی خەڵکی سلێمانیم بەڵام ماوەی چل ساڵە لە شاری رانییەدا دەژیم.

**پ:تەمەنت چەندە؟**

و:شەست و چوار ساڵە.

**پ:خێزانت هەیە؟**

و:خێزانم ماوەی چەند ساڵێکە کۆچی دوای کردووە، دوو کچم لێی هەبوو کە ئەوانیش بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچیان کردووە.

**پ:ئەی ئێستا هیچ کەس و کارێکت هەیە لە رانیەدا کە سەرپەرشتیت بکات؟**

و:نەخێر بەڵام دوو برام لە سلێمانی دا هەیە کەلەخۆم بە تەمەنترن.

**پ:چۆن بژێوی ژیانت دابین دەکەیت؟**

و:ئێستا کێلی قەبر دروست دەکەم بەڵام لەوەدا پارەیەکی زۆر کەمم بەدەست دەکەوێ.

**پ:مانگی دەگاتە چەند؟**

و:دە هەزار دینار!

**پ:ئەم دوکانەی کەئێستا کاری تێدا دەکەی و تێیدا دەژی هی خۆتە؟**

و:نەخێر بەکرێ گرتوومە مانگی چل هەزار کرێ ئەدەم.

**پ:لە هیچ لایەکەوە مووچە وەردەگری ؟**

و:خانەنشین کراوم بەڵام بەچوار مانگ سی هەزار دینار وەردەگرم.

**پ:ئەو تابلۆیەی رێکخراوی کوردستان بۆ راهێنانی کەم ئەندامان کەلەسەر دوکانەکەت هەڵواسراوە هیچ یارمەتیت دەدەن؟**

و:کەمێک ئازوقەیان پێداوم و هیچی تر.

**پ:کاک غەفوور دەتوانی کەمێک باسی ژیانی رابردووتمان بۆ بکەی؟**

و:من لە ئەیلوول دا پێشمەرگەی حزبی شیوعی بووم دواتر لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووم بە پێشمەرگە. سیانزە ساڵ ئەندامی یەکێتی بووم بەڵام ئێستا کە پەکم کەوتووە و یەک لاقم ئیفلیجە و هێزی ئیشکردنم نەماوە بێجگە لەو سی هەزار دینار خانەنشینییە هیچ یارمەتیەکی تر نەدراوم.

**پ:داواکاریت لە دەسەڵات و لێپرسراوان چی یە؟**

و:ئەم دوکانە جێی ئیش و نووستنی منە، فۆرمی نەوتم هەیە و بەڵام پارەیەکم نیە وەری‌بگرم. جا داوا لە لێپرسراوان و کاربەدەستان دەکەم با بێن و بەچاوی خۆیان ژیانی من ببینن.

**پ:کاک غەفوور لە ژیانی شەخسی خۆت دا ئیشت چی بووە؟**

و:من بەناوبانگترین وەستای دیوار بووم لە شاری رانیە.

**پ:ئایا دراوسێکانت یارمەتیت دەدەن؟**

و:بەڵێ خوا لێیان ڕازی بێت، کاک نەبەز شەفیق مامە وەکو برادەر زۆر جار سەردانم دەکات و یارمەتیم ئەدات لە ئێشەکانم ، هەروەها ئەم دوو کورە گەنجە ئەحمەد ساڵح سەید و فەرزەند رەسوڵ عەلی جارە جارە دەمبەن بۆ حەمام ئەمشۆرن و بۆ مزگەوتم ئەبەن و دوکانەکەم پاک دەکەنەوە.

**پ:کاک غەفوور بۆ لەناو دوکان دەنوی ئەی خانووت نی یە؟**

و:خانووم هەیە بەڵام بە کەڵکی ژیان نایەت زۆرم داوا لە بەرپرسان کردووە تا بۆمی چاک بکەن بەڵام وەڵام نەدراومەوە.

کاک غەفوور ئێمەش هیوادارین لێپرسراو و کاربەدەستان بە دەنگتەوە بێن و ئاورێکت لێ بدەنەوە.

**ئامادە کردنی : ئارمان سنەی**

ئێمە وەک ستافی هەفتەنامەی ڕۆژی گەل لە کاتێدا داخباری بۆ بژێوی ئەو پیرە مێردە دەردەبڕین، هیواخوازین کە لایەنی پەیوەندار ئاورێک لە ژیانی بدەنەوەو بەزووترین کات سەردانی بکەن و گاوکاری پێویستی لەگەڵدا بکەن، چونکە ئە تا لەژیان ماوە پێویستی بەوە هەیە کە حکومەت کۆمەکی پێبکات، دەنا دوای مردن پێویستی بەکەس نامێنێ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com